Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101018

# ڕەگەزەکانی(کاراکتەر و شوێن) لە ڕۆمانی (دەغدو)ی خوسرەوجافدا

**محمد ئەمین محمد نووری ئەمین ، خالد عبدالکریم معروف**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی، عیراق

**پوختە**

ڕۆمـان لە چەنـدین بنەمـا و ڕەگەزی جیـاواز پێـک هـاتووە، هەر بنەمـا و ڕەگەزێـک تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەگ و ڕیشـە و بونیادیان جیاوازە و ناچنەوە سـەریەک، بەڵام پەیوەندیەکی هاوئاهەنگی لە نێوانیاندایە، کە بووەتە هۆی گەشـەکردن و بەردەوامی ژانری ڕۆمـان، ڕەگەزەکـان بریتین لە:(شـوێن، کـات، کـاراکتەر، ڕووداو، گێڕانەوە) بنەمـا و تەکنیکەکانیش بریتین لە (وەسـف، خەیاڵ، فانتازیا، زمان، گرێ، چنین، چارەسـەر، چێژ، بابەت)، بە هەموویان بوونەتە پردی پەرینەوە و گەیاندنی زانیاری لە ڕۆمانەوە بۆ خوێنەر. ڕەگەزی کـاراکتەر و شـوێن لە هەموو ڕۆمـانێکـدا پێگەی گرنگیـان هەیە، ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمان داوە ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕۆماندا دەستنیشان بکەین، بەتایبەت لە ڕۆمانی (دەغدو)دا.

***Article Info***

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

ڕۆمان، کاراکتەر ، شوێن، هونەری

***Corresponding Author***

## پێشەکی

سـەرهەڵدانی ژانری ڕۆمان پێویسـتیەکی گرنگی لایەنی ئەدەبی بوو، بەتایبەت کاتێک ژانرەکانی تری ئەدەبی توانای لەخۆگرتنی هەموو ئەو ڕووداوانەی نەبوو، کە لەئەنجـامی پێشـکەوتنی شـارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕوویان دەدا، لەبەر ئەمانە ڕۆمان بووە گەنجینەی لە خۆگرتنی هەموو گۆڕانکارییەکان.

چەمکی ڕۆمان بە پێی دەرکەوتن و قۆناغەکانی گەشـەکردنیدا، گۆڕانکاری زۆری بە خۆوە دیووە، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر بیر و بۆچوونێکی ئەدەبی و ڕامیاری و شـارسـتانێتیدا خۆی گونجاندووە و بەرگی پێشـووی لە خۆی دادڕیووە لەگەڵ ڕەوتە نوێیەکەدا هـاتووە، چونکە ژانری ئەدەبی هـاوتـای گەشـەو پەرەسـەندنەکانی عەقڵی مرۆڤایەتییە، کە هەردوکیان پێکەوە گرێدراون و هەر پەرەسـەندن و پاشـەکشـەیەک لە یەکێکیاندا کاریگەری بەروونی لەسـەر ئەوی تر جێدەهێڵێت، ئەمەش بەڕوونی لەڕێبازەکانی دادایزم و سوریالیزم و..هتد دەردەکەوێت، سروشـتی ژیانیش دیالێکتیانەیە و بە هەمان شـێوە ژانرەکان هەمیشە کۆن و نوێ لە کێشماکێشدان و دەرئەنجام شتی نوێ دێتە کایەوە.

بەم پێیە توێژینەوەکەمان بەسـەر دووبەشـدا دابەشـکردووە، بەشی یەکەم چەمـک و بونیـادی کـاراکتەر، لەگەڵ جۆرەکـانی کـاراکتەر لە ڕۆمـانی (دەغـدو)دا، بەشی دووەمیش تـایبەتە بە چەمک و ڕۆڵی بنەمای شـوێن لە ڕۆمان و جۆرەکانی شـوین لە ڕۆمانی(دەغـدو)دا، لە کۆتـایشـدا ئەنجـام و سـەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

### میتۆدی تویژینەوەکە:

بەپێی بنەمـا هونەرییەکـان هەوڵمـان داوە میتۆدی گونجـاو لەگەڵ توێژینەوەکەمـانـدا بگونجێنین و هەڵبژێرین، بۆ ئەمەش میتۆدی وەسـفی شـیکاری مێژوویمان بە گونجاوترین میتۆد زانی بۆیە کارمان لەسەر کردووە.

### سنووری توێژینەوەکە:

